# شیکاری ڕەخنەی جڤاکی لە پەیڤکاتۆردا

سەرکەوت کۆنەپۆش
(مەریوان)

## پێشەکی

لەگەڵ پێوەندی قووڵی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە لەم سەردەمەدا، جۆرێک لە ئاڵوگۆڕی کولتووری لە بوارە جیاوازەکاندا لە نێوان هزری مرۆڤ و دیاردە جڤاکییەکان ساز بووە. ئەم پێوەندییە دوولایەنەیە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە جڤاکییەکان و شیکردنەوەی پێکهاتن و گەشەسەندنی بیرکردنەوەی تاکەکەسی یارمەتیدەرمان دەبێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە لەلایەک هونەرمەند لە خوڵقاندنی بەرهەمی هونەریدا، لە ژێر کارتێکەری جڤاک و گۆڕانە هەمیشەییەکەیدایە و لەلایەکی دیکەوە بە سازکردنی کارتێکەری خۆی، بە شێوەیەکی ناوریا لەسەر جڤاک، کارتێکەر دەبێت.

دەتوانرێت ئەدەبیات بە دیاردەیەکی جڤاکیش هەژمار بکرێت. لە سەردەمی هاوچەرخدا، دەرکەوتنی ڕەوتە جۆراوجۆرکانی ڕووناکبیری، جڤاکی، سیاسی، ئابووری و... تاد بە جۆرێک پێوەندییان بە جڤاک و بنیامەوە بووە.

جڤاکزانی لە ئەدەبدا ئەرکی ڕوونکردنەوەی ئەم پێوەندییەی هەیە. لەبەر ئەم هۆکارەیە، جڤاکناسان هەوڵ دەدەن بە کەڵک وەرگرتن لە پێوەندیی نێوان ئەدەب و جڤاکزانی، ئیماژێکی هەمەلایەنە و وێنەیەکی ڕوون لە پەرەسەندنی جڤاکی، جڤاکێک بخوڵقێنن.

ڕاستییەکەی ڕەخنەی جڤاکناسانە، سەرهەڵدانی لەپڕ و لە خۆڕایی ئەدەب قبووڵ ناکات؛ بەڵکوو

پێی وایە ئەدەب لە دڵی جڤاکدایە و یەکێکە لە دەرکەوتەکانی. توێژەران و شیکاران لەسەر ئەم خاڵە جەخت دەکەنەوە. دی بۆناڵد de Bonald ئەدەب بە دەربڕینی دۆخی جڤاک دەزانێت.

گەرچی زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییە کلاسیکییەکان ئاوێنەیەکی هەمەلایەنەی جڤاک، کولتوور، مێژوو و ڕەوشت و دابونەریتی سەردەمی خوڵقێنەرەکەیانن، بەڵام ئەم واقیعە لە کەس ناشاررێتەوە کە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی وەک سەردەمی هاوچەرخ بە هەڵوێستی جڤاکییەوە پەیوەست نەبوون. لەم قۆناغەدا شاعیران و نووسەران بەرهەمەکانیان بە دەربڕینی پرسە جڤاکییەکان پابەند دەکرد و هەوڵی گێڕانەوەی ناڕێکی و کێشەکانی جڤاک بە زمانی هونەرییان دەدا و تێدەکۆشان زمانی دۆخی جڤاکەکەیان بن.

لەم نێوەندەدا، پەیڤکاتۆریش هاوکات لەگەڵ ڕەوتەکانی تری ئەدەبیاتی هاوچەرخ، وێناکەری واقیعە جڤاکییەکانی وەک نائومێدی و هیوا، خۆشەویستی و ڕق، ئازار و بەختەوەری و... تاد. ڕاستییەکەی پەیڤکاتۆریستان ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە بە گۆڕەپانێک دەزانن بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی جڤاکی و ئەرکی ڕووناککردنەوە و ڕەخنە و زڕاندنیان خستووەتە ئەستۆی. پەیڤکاتۆریستان وەک بەشێک لە ڕەخنەگرانی جڤاکی، بەکاردانەوەی خێرا و لە کاتی خۆیدا بەرانبەر گۆڕانکارییە جڤاکییەکان، پەرۆشی و نیگەرانییەکانیان بە زمانی هەنەک (تەنز) بە بەردەنگ دەگەیەنن.

فرێکوێنسیی بەرزی دەربڕینی نیگەرانییە جڤاکییەکان لە پەیڤکاتۆری ژووری پەیڤکاتۆردا ئەوە نیشان دەدات خوڵقێنەرەکانیان لە بەرانبەر نایەکسانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و... تاد، بێ دەنگ نەبوون و بە زمانێکی هەندێک جار ڕوون و هەندێک جار هێمایی، ئاماژەیان پێ کردووە، بۆیە بە دڵنیاییەوە شیکردنەوەی ئەم نیگەرانییانە گرنگ و بەسوودە و ئەم وتارە هەوڵ دەدات ئەوە پیشان بدات کە نووسەران چۆن لە بابەتی کۆمەڵایەتی بۆ خوڵقاندنی پەیڤکاتۆر و بنیادنانی جەوێکی هەنەکاوی کەڵکیان وەرگرتووە.

## چوارچێوەی چەمکی پەیڤکاتۆر و پاشخانەکەی

پەیڤکاتۆر نووسینێکی کورت و هەنەکاوییە و بە تێڕوانینێکی نوێ و جیاواز بۆ دیاردەکانی دەوروبەر و دۆزینەوەی پێوەندی نێوان چتەکان و بوونەوەرەکان، هەرێمێکی نوێ لە واقیعە جیهانییەکاندا دەخاتە پێش چاوی بەردەنگ. نووسەری پەیڤکاتۆر جلوبەرگی هەنەک دەکاتە بەر چەمکە بابەتییەکانی و بە یارمەتی توخمەگەلی دەرخستن و داچڵەکاندن و ناوەناوە بزەیەکی شیرین و هەندێک جار تاڵ خستنە سەر لێوی بەردەنگ لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بە لێدانی کورت، بەڵام کارتێکەر بۆ ماوەیەکی زۆر مێشکی بەردەنگ داگیر دەکات.

سەرچاوەی پەیڤکاتۆر هەنەکە. «ڕاستییەکەی پەیڤکاتۆر لە نێوان دوو هەرێمی هەنەک و کەنیندا لە هاتوچۆدایە. لەوێدا کە مەبەست بزەیە کەنین و لەو شوێنەشدا کە بزە بۆ گاڵتەکردن بە کێشەکانە، شان لە شانی هەنەک دەدات.

باوکی پەیڤکاتۆر «گۆمێز دی لا سێرنا» ڕۆماننووسێکی ئاڤانگاردی (پێشەنگی) ئیسپانییە، کە یەکەم پەیڤکاتۆری لە ساڵی ١٩١٠دا بڵاوکردەوە. ئامرازی دەربڕینی کاریکاتێر هێڵە، گۆمێز ئەم ئەرکەی خستە سەر شانی وشە. گۆمێز هەر وەک چۆن بە هێڵ دەینووسی، پەیڤکاتۆری بە

وشـە دەكێشـا. لـە نـاو كوردیشـدا ڕەووف جیهانـی بـە داهێنانـی وشـەی پەیڤكاتـۆر و سـەلاح حەسـەنی و سـەركەوت كۆنەپـۆش و شـلێر كۆنەپۆشـی بـە نووسـینی وتـار و چەنـدان كەسـی دیكـەش لـەو بـوارەدا چالاكـن.

## ئەدەبیات، پەیڤكاتۆر و پابەندبوونی كۆمەڵایەتی

تێڕوانینێكی ڕەخنەگرانە بۆ جڤاك، دەستنیشانكردنی نانۆرمـە جڤاكییـەكان و ڕوانگەیەكـی چاكسـازییانە بۆیـان، لـە پێكهاتەكانـی پابەندبوونـی جڤاكییـە لـە ئەدەبیاتـی كوردیـدا. گۆڵدمـان (Goldmann) جەختـی لەسـەر ئەوەیـە كـە كـەس ئینـكاری ئـەوەی كـە لـە كۆنـەوە بەرهەمـە ئەدەبییـەكان ئاماژەیـان بـە توخمـە واقیعییەكانـی جڤـاك، یان هۆشـیاری هاوبەشـی نەتەوەیـی، یـان گرووپێكـی كۆمەڵایەتـی دیاریكـراو كـردووە، نـاكات، تەنانـەت گرووپێكیـش پابەندبوونـی جڤاكی بنیـام لەكۆنـدا بـە بەرچاوتـر لـە پابەندبوونـی بنیامـە هاوچەرخـەكان دەزانـن و لەسـەر ئـەو بڕوایـەن لـە ڕابـوردوودا پرەنسـیپەكە ئـەوە بـوو كـە نووسـەر دەبێـت پابەنـد بێـت و پابەندنەبوونـی جڤاكـی دواتـر سـاز بـوو.

چونكـە «لـە هەمـوو شـوێنێكی دنیـادا بەرهەمـی هونـەری و هەسـتگەلی شـاراوە و گەرەنتـی بـوون تێیـدا، دوابـەدوای گۆڕانـی جڤاكـی ڕووی داوە، گۆڕانـكاری ژێرخانـی ژیانـی بنیامـەكان، ڕوانگـەی جڤاكزانـی سـەبارەت بـە ئەدەبیاتـی بەهێزتـر كـرد.

ئێسـكارپیت (Escarpit) جەخـت لەسـەر پێوەنـدی دانەبـڕاوی ئـەدەب و ژیانـی جڤاكـی و كارتێكـەری لەسـەر ڕوانگـەی نووسـەر دەكاتـەوە، بـە پێـی ڕوانگـەی جڤاكزانـی، نابێـت نووسـەر لـە واقیـع و پرسـە بنەڕەتییەكانـی سـەردەمی خـۆی بـێ ئـاگا بێـت. لـە ئەنجامـدا گرنگیـدان بـە پرسـە جڤاكییـەكان وەک بناغـەی سـەرەكی هـزری لـە ئەدەبیاتـی هاوچەرخـدا دەركـەوت.

گـەر وتەكـەی جـاک یـان (Jack Yan) قبـووڵ بكەیـن كـە دەڵێـت: «هەنـەک زارۆكـی غەریـزەی نارەزایەتییە؛ نارەزایەتییـەک كـە بووەتـە هونەر»، دەتوانرێـت پەسـەند بكرێـت، كـە پەیڤكاتـۆر وەک ڕەوتێكـی تۆخوڵقـاوی ڕەگوڕیشـە لـە هەنەكـدا، سـەری هەڵـداوە.

## شیكردنەوەی پرسە جڤاكییەكان

### ١. ڕەخنە لە داخراوی جڤاك

ئازادی، مافی ڕزگاری مرۆڤ لەو سنووردارکردنانەی كـە هـەن و ئازادییـە تاكەكەسـی و جڤاكـی بـۆ بنیامیەتـی ئەمرۆ بـە فەرمـی دەزانێـت. خۆمانە بێژم، ئـازادی ئەوەیـە كـە هیـچ بەربەسـتێكی دەرەكـی بـۆ بەدیهێنانـی خواسـتی شەخسـی لـە ڕێگـەدا نەبێـت. هەریەكەمـان ئـازادە بـە ئـارەزووی خـۆی بژیـت و دواكەوتـووی هـەر بیروباوەڕێک بێـت كـە پێـی باشـە، بێگومـان بـەو مەرجـەی كـە دژ بـە ئـازادی ئەوانـی تـر نەبێـت.

نووسـەران هـەردەم سەرسـامانی گـەورەی ئـازادی بـوون، بارودۆخـی داخـراوی جڤاكییـان لا پەسـەند نەبـووە و دژایەتـی خۆیـان بـۆ تێڕوانینـی پاوانخوازانـە لـە شـێوەی هونـەردا دەربڕیـوە. لـە ژووری پەیڤكاتۆریشـدا چەمكـی ئـازادی و ئاستەنگەكانی بەدیهێنانـی لـە فۆرمـی كۆنكرێتیـدا هاتوونەتـە بـەر بـاس. وەک:

- كەمەربەسەی كۆیلەییە، ئازادی.
- بۆ ئازادی دەگەڕێ گوللەی وێڵ.
- زۆڵەكی ژیانی كۆیلەییە ئازادی.
- لە ئازادی چاوەكانتدا زیندانم.
- قەفەس دەكێشێ ئازادی موعتاد.
- هێمای كۆیلەییە ئازادی.

- دڕۆزنترین پێکەوەلکانی خواستەکان ئازادییە. (حەمەومین ئەحمەدی)
- پرخەی دەهات نەیدیت بە خەونیش ئازادی. (بەفرین شەرەفکەندی)
- بە لاساراوا داهاتووە ئازادی. (هەڵگورد حەقپەرەست)
- تراویلکەی ژیانی ژنە ئازادی. (مادێح کۆنەپۆشی)

**٢. هەژاری و هەڵاوسان**

هەژاری، هەڵاوسان و جیاوازیی توندی چینایەتی یەکێک لە کێشە جڤاکییەکانە کە لە دەقە هەنەکاوییەکانی ئەدەبیاتی کوردستاندا دەبینرێت. پەیڤکاتۆریستان بە سازکردنی چەمک و وێنەی فراوانی ئەم کێشەیە، تووڕەیی خۆیان لە پێشێلکردنی کەرامەتی کۆمەڵێک مرۆڤی بێبەش لە سەروەت و سامان و ئیمکاناتی جڤاک پیشان دەدەن و بە دانانی بزەیەکی تاڵ لەسەر لێوی بەردەنگ، هەوڵ دەدەن چزی ئەم چەمکانە کەم بکەنەوە. جێی ئاماژەکردن نووسەران لە کاتی وەسفکردنی ئەم چەمکانە لە پەیڤکاتۆرەکانیاندا، بە ڕوونی باسی ئەم چەمکانەیان کردووە و هاوکات لە دەربڕیندا گرنگییان بە ئایرۆنی داوە.

- ئاوساوە بە هەڵاوسان لەشی هەژار.
- هەڵاوسان ئاو دەکاتە ژێر بژێوی.
- هەژاری لە ڕێی خوا حەزەکانمی قوربانی کرد.
- سەری کردووەتە ژیانم هەژاری.
- سەرملەی لێگردووم هەژاری.
- ڕۆژی هەژاری کردووەتە شەو، هەژاری.
- لە تەقەدەروازەدا هەژاری دەرگەی هەژار دەکوتێ.
- ناوکم کەوت، هەژاری قورسە.
- خەڵک هەناسەی سوار دەبێت و من هەژاری.
- سەیری هێڵی هەژاری دەکەم، شێخم نامێنێت.
- هێڵی هەژاری ئەوەندە بەرزە، هیچ ناڕەزایەتییەک نابیستێ.
- گیرفانمی پڕ لە سپێ کردووە، هەژاری.
- دەستی بەتاڵی پڕە لە ترەک.

**٣. ڕەخنە لە بەرتیل و بێ یاسا و...**

هەرچەندە ڕەخنەی پەیڤکاتۆریستان لە ژووری پەیڤکاتۆردا لەسەر نانورمەکانی وەک هەژاری، سانسۆر، کەشی داخراوی کۆمەڵگە و... بوێرانە بووە؛ لێ ئەوان لە تەوەرەکانی تر بێ ئاگا نەبوون، هەرچەندە کەم ڕەخنەیان لەو تێکچوونانە گرتووە کە لەپۆلێنێکدا باسیان لێ دەکرێت.

-ڕەخنە لە بەرتیلدان و بەرتیل وەرگرتن:
-پارە قیرە بێدەنگ دەکات.
-پارە زمانی لاڵ دەکاتەوە.

**٤. ڕەخنە لە بێ یاسایی:**

دەرچوون لە ڕێسا و ڕێساکانی یاسا لە نارێکی و بڵاوبوونەوەی شێوازی نائاسایی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و ئاواتی نەرێنی کاریگەرە. پەیڤکاتۆریستان شنۆیان داوەتە ئەم دیاردە ناکولتوورییە و دژی کاردانەوەی خێرا و ڕاشکاوانەیان بووە:

**٥. ڕەخنە لە بێدەنگی جڤاک و داوای هاوسۆزی و یەکڕیزی**

بە بڕوای نیتشە هونەر لە تووڕەیی هونەرمەند بەرانبەر بە بارودۆخی هەبووەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە ناڕازیبوون دەتوانێت لە بوون، جڤاک، یان ژیانی تایبەتی هونەرمەند بێت، بۆیە هونەر و ئەدەبیات کاریان ناڕەزایەتییە. یەکێک لە بابەتە ڕەخنەییەکانی ژووری

پەیڤکاتــۆر، ناڕەزایەتــی دەربڕیــن بەرانبــەر بــە بێدەنگـی جڤـاک لەبـەردەم نایەکسـانی و نانورمـی نــاو جڤاکــە، هەرچەنــدە نووســەرانی پەیڤکاتــۆر ڕاســتەوخۆ ئامــاژە بــە دۆخــی پشــێوی جڤاکــی، کولتــووری، ئابــووری و تــاد ناکــەن؛ لــێ بــە وێناکردنێکـی هونـەری لـە بێدەنگی، بە شـێوەیەکی هێمایــی بەردەنــگ لــە چەمکــە دەروونییەکانیــان تێدەگەیەنــن.

- سەرتاپاگوییە، بێدەنگی.
- هاواری تینوێتییە، بێدەنگی.
- لە بێدەنگیدا بێدەنگی دەقیرێنێ.
- لە کوژانـەوەی گڵۆپەکانەوە، ڕووبـاری تارمایی سـەرچاوە دەگرێت.
- بیری بێدەنگی بە قەد قەڵا قیران بەرزە.

پەیڤکاتۆریسـتان لـە بێدەنگـی جڤـاک تێناگـەن. وا لــە خەڵــک دەکــەن هــاوار بکــەن و داوای هاودەنگــی و یەکرێــزی دەکــەن:

دەمێکە بـۆ بیسـتنی هـاوار بانگهێشـتی بێدەنگی دەکەم.

هاواری ناوەتە دەمم، بێدەنگی.

ئاوسە بە هاوار، بێدەنگی.

چەکەرە دەکات تۆی هاوار لە بێدەنگیدا.

## ئاکام

نووســەری ئــەم توێژینەوەیــە بــە لێکۆڵینــەوە و شـیکردنەوەی ڕەخنـە جڤاکییـەکان لـە پەیفکاتـۆری پەیڤکاتۆریســتانی ژووری پەیڤکاتـۆردا بـەم ئەنجامـە گەیشــتووە.

پەیڤکاتۆریسـتان لـە نێـوان بابەتگەلـی کۆمەڵایەتـی فراوانـدا ڕەخنـە لـە هـەژاری و هەڵاوسـان، سانسـۆر، کەشـی داخـراوی جڤـاک، بێدەنگـی جڤـاک، تێکچوونی مۆڕاڵـی، بەرتیـل و بـێ یاسـایی، لەناوبردنی سروشـت و... دەگـرن و پشــکنینی زۆری ئــەم نموونانــە دەریدەخــەن کــە ڕەخنــە لــە داخــراوی کۆمەڵگــە بــە ٦٣ حاڵــەت، ١٩ لــە ســەد و هــەژاری و هەڵاوســان بــە ٣٠ حاڵــەت، ٩ لــە ســەد فرەتــر لــە بابەتەکانــی دی لـە پەیڤکاتـۆری پەیڤکاتۆریسـتاندا ڕەنگدانـەوەی هەبــووە.

